# مێردەکەی ئاسکەخاتوون

نووسەر: محمدعلی افغانی

وەرگێڕ بۆ سەرزمانی کوردی: عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

وەرزی دووهەم

بەشی یەکەم

ئەوێشەوێ پاش بەربانگێ، نوێژی سەیدمیران لەشەوەکانی دیکە زیاتر درێژەی کێشا؛ چونکە گێڕانەوەی نوێژی نیوەڕۆ و ئێوارەشی کەوتبووسەر. لەنێو ئەو دیوەی کە بەرماڵەکەی لەسووچی خوارەوەی ڕاخستبوو، لەدەوری کورسییەکی گەورە بە لێفەیەکی ئەتڵەسی و ڕووپۆشی سپییەوە، ژنێک و چوارمنداڵ حەسابوونەوە. ژنە بە جۆرێک سربەرزی کە بەشێوەیەکی هەست پێکراو قەڵەویی بەرلۆغەی نیشاندەدا، گردنی لار ڕاگرتبوو. چارشێوەکەی لەسەری ڕا خزیبووە سەر شانی هێشتا بەشێکی زۆر لە خەرمانی زولفە ڕەنگ شەبەقەکانی داپۆشیبوو. تەندروستی و کەیفسازیی ژنێکی دەوری سی‌ساڵان، لەچاوە ڕەشە جوانەکانی، پێستی تەڕوتازە و ڕووی گەشی دا دەخوێنداراوە. ڕوانینی مێهرەبان و لاوێنەرەوەی لە منداڵەکان و مێردەکەی، بزە شیرنە هەمیشەییەکەی کە نەخشی دڵگری ڕوحێکی شاد و بێخەم بوو، بەباشی نیشاندەری ئەو ڕاستییە بوو کە ژنێکە بەختەوەرە، ژنێکە لە چێژی سەرخۆشکەری ژیانێکی گەرم و بوونبەخش و بەتەواوی واتای وشە بەختەوەرانە، بەهرەمەندە. ئەو ژنە، ئاسکەخاتوون، هاوسەری سەید میرانی سیرابیی نانکەر و دایکی منداڵەکانی بوو.

لە لایەکەی دیکەی کورسی، لەڕووبەڕووی ئەو، کلارا و بەکوردی گلارە، شەمی یەکەمی ئەندەروونی باوک و دایک دانیشتبوو؛ کیژۆڵەیەک بوو ناسک، خۆش پێکەنین و ئارام، لەتەمەنی یازدەساڵیدا؛ ناوەکەی بەکوردی واتە چاو،* و وەک لەپشتی بەرگی کتێبەکەی دەستی ڕا دەخوێندرایەوە، پۆلی چواری سەرەتاییی دەخوێند. بەدوای ویدا سێ برای بچووکتری، بارام و بیژەن و مەهدی دانیشتبوون؛ یەکەمینیان نۆساڵان، کە لەشوێنی هەمیشەییی باوکی، لەلای سەرووی دیوەکە، پاڵی وەنوێنان دابوو و وانەی دەنووسینەوە. دووهەمینیان شەش ساڵان، کە هێشتا نەدەچووە قوتابخانە؛ لەخوارەوەی کورسی درێژببوو، بەبەتفەڕی ئاڵوودارەکانی قورماویی بەری‌بانی دەژماردن و لە دنیای خۆیدا پەڵە و پنۆکەکانی وە شتان و ئاژەڵانی تایبەتی دەچواندن و قسەی دەگەڵ دەکردن. سێهەمینیان منداڵێکی دووساڵان یا شتێک زیاتر بوو، کە هێشتا لەمەمکێ نەکرابۆوە؛ لەپەنا دایکی ڕاوەستابوو، مەمک مژەی دەدەمیدابوو. ڕوخسارێکی زەرد و قەڵافەتێکی لاوازی هەبوو کە لە جلکی زستانەی خۆیدا ون ببوو. لوولەیەکی چەرمینی دووعا و قورئانێکی قاب زێوینی بچووک، و حەمایەڵی سەر سینگی بەچەپ و ڕاست و دووچل بیسمیللا لەسەرقۆڵی ڕاستی دەبیندران کە منداڵی بێهێز دەبوو بەوان بچێتە ئازارو زیانەکانی جۆراوجۆری ژیان.

یەکەم ڕوانین لە ڕوخساری منداڵەکانی، بەبێ ئەوەی وردبوونەوەیەکی بوێ، دەری دەخست کە نێوچاوانی بڵند و ڕێک، لووتی قوڵە و ڕەنگی سەوزەی هەرچواران وەباوکی، زارولێوی گۆشتن، چاو و برۆی ڕەشی مەستیان، بەتایبەتیش لەکاتی پێکەنیندا وەدایکیان دەچوو. بەنیگای بێئارامی منداڵەکان و بەتایبەتی ئەو دۆخە کاتییەی دەو کۆمەڵەکەسەی بن کورسیدا بەدی دەکرا، وادیاربوو هەموو چاوەڕوانی تەواوبوونی نوێژی باوک و تێکردنی چێشتن.

دایکی منداڵەکان، مەهدی، منداڵە بچکۆلانە تازە پێ هەڵگرتووەکەی لەلای خۆی بە کایە خەریک کردبوو تا نوێژەکەی باوکی تێکنەدا؛ دەنا بەو پێیانەی نەدەکرا پێیان بکوترێ خاوێنن، دەچووە سەر بەرماڵەکە، مۆر و دەسحێبەکەی هەڵدەگرتن و هەرچی هاتبا پێشی، چرا، شووشەی دەرگا یا سەروچاوی مرۆڤ، پێیدادەدا؛ بەبۆنەی کاتژمێری گیرفان یا تەقیلەی باوکی، بەسەروگوێلاکی هەڵادەچوو و نوێژەکەی پێ دەبڕی. ئەو کە تازە لە نەخۆشییەکی نەناسراو و خراپ هەستابۆوە کە نە سووریژەبوو، نە مێکوتە و هێندەی نەمابوو داغی بخاتە سەر دڵی دایکی، بۆ بنەماڵەی لەڕادەبەدەر خۆشەویستتر ببوو؛ نازی دەکردن، بەهانەی دەگرتن، بەدعەمەل دەبوو، گڕنووی دەگرت، و هەموو، تەنانەت دراوسێکانی ماڵیش کە لەباوەشیان دەکرد، دەبوو بەبێ ئەملاوئەولا هەرچی بڵێ بەقسەی بکەن. مەهدی لەجەنگەی نەخۆشییەکەیدا ڕۆژێک زۆرزۆر کەلەلا ببوو، لەبەر ئەوە دایکی وا ترسی ڕێنیشت کە بە چاوێکی پڕفرمێسک و دڵێکی ناهومێدەوە ڕووەو ڕۆژهەڵات ڕاوەستا و دەستی بە نزا هەڵێنان؛ پەیمانی لەگەڵ خوای خۆی بەست ئەگەر منداڵەکەی چابێتەوە، تووکی سەری تا دەبێ بەحەوت ساڵان ڕاگرێ و هەمووساڵێ بارتەقای تووکەکە زێوی بێخەوش بکاتە نەزری ئیمامی ڕەزا. ئەو سێبەرە مەرگبارەی بەسەر شادیی ژنە بەختەوەرەکە کشابوو، ئێستا بە چابوونەوەی کۆرپەکەی چەندڕۆژێک بوو بەتەواوی لاچووبوو. و ئاسکەخاتوون دووعای خۆی بەتەواوی بەڕەوا دەدیت، وەک هاجەری دایکی ئیسماعیل، لێوانلێوبوو لە شادمانییەکی بۆ گەڕاوەوەی. کە دیتی نوێژی باوکی درێژبۆوە، نیگای بەپێکەنینی بەدەوری ئەومنداڵەبچکۆلەی دا خولاوە کە تازە لەمردنێ گەڕابۆوە؛ وەک ئەوەی مەترسییەکی ڕابردووی کەوتبێتەوەبیری، لەناکاوڕا بەباوەش پڕیدایە و قومبوو لە هەستی دایکانەدا، بەدەنگی بڵند خۆی بەقوربان کرد. بە بزەی گەرم و بەزەیی بەخشی دەستە بچووک و سووکەکەی بەدەستەوەگرت؛ سەری بەهەموو ئەوهێزەی خۆشەویستییەوە کە دە <u>چاوودڵ و گەردیلەکانی وجوودیدا هەیبوو بەسەریدا داهێناوە و وێڕای نوشتاندنەوەی یەک بەیەکی قامکە ناسکەکانی کوتی:</u>

*- نووسەر نووسیویەتی: کلارا بە زاراوەی ناوچەیی .... ناوەکەی بەکوردی واتە چاو. وەک دەبینین کوردییەکەی وەک دابی فارسان کردۆتە زاراوەی ناوچەیی و گلارەشی کردۆتە چاو، کە لەڕاستیدا بەواتای گلێنەی چاو یا هەر گلێنەیە. من زاراوەکەم کردۆتە کوردی و بەوشێوەیە ڕاستم کردۆتەوە بەڵام واتای گلارەکەم هەر وەک نووسەرەکە داناوە.

"ئەوە دەڵێ بابچینە دزی. ئەوە دەڵێ چ بدزین. ئەوە دەڵێ تەشتی زێڕ. ئەوە دەڵێ وەڵامی خوای کێ بداتەوە. ئەو دەڵێ منی منی سەرزل."

ڕستەکەی دوایەی بەرزتر و بەئاوتاوێکی زۆرەوە کوت و قامکەگەورەکەی نوشتاندەوە. منداڵەکە بە ئۆینی شیرن و دڵگری دایکی، شاد و بێڕیا پێکەنی و بە دەغەڵبازییەکی منداڵانەوە دیسان قامکەکانی کردنەوە تا کایەکەی سەرلەنوێ دەست پێبکاتەوە.

جارێک ئاسکە چاوی لە مێردەکەی کرد کە دەتگوت ئەوشەوە نوێژی جەعفەری تەپیاردەکات، تا بزانێ دەکرێ دەست لەمنداڵەکەی هەڵگرێ و بچێتە زگ چێشتەکەی. سەیدمیران نوێژی ئێوارە و خەوتنانی کردبوون و خەریکی ڕکاعەتی گێرانەوەی نوێژی نیوەڕۆیەبوو، بەڵام کەوتە گومانەوە داخوا لە ڕکاعەتی سێدابوو یا ئی چواردا؛ کێشەکانی چارەکراو و چارەنەکراوی ژیان، تێکەڵێپێکەڵ بوونی نەخشەکانی، و لەوانەشە لەهەمووی ئەوانە زیاتر، وشەی تەشتی زێڕ، هۆکاری پەرێشانیی هۆشەکەی بوو؛ کەواتە بناخەی لەسەر چوار دانا سوجدەی سەهووی بەجێهێنا. بەدوای ئەودا دەستی کرد بە گێرانەوەی نوێژی ئێوارێ؛ هێشتا دووڕکاعەتی زیاتر نەکردبوو دیسان حیسابی لەدەست دەرچوو؛ و بۆ سەیرنەبێ، هەر نەیزانی لەکوێی نوێژەکەدایە. ئاسکە کە ئاگای لێی بوو بە ڕەخنەیەکی خۆشەویستانەوەو هاتە یاریدەی:

- ئەوشۆ لەکوێی پیاوەکە؟ ڕکاعەتی چوارەمە، سوبحانەڵڵا.

کەسەیدمیران لەنوێژەکەی بۆوە و دەستەکانی دەگەڵ دووعا بەسەروچاویداهێنان، ژنە چاوێکی لێکۆڵەرەوانەی لە ڕوخساری کرد تاتێبگا نەکا هۆش لەسەرخۆ نەبوونەکەی لە ئی گرفتارییەکی ئاسایی لەسەرتربێ. مێردەکەی لەکاتی هاتنەنێومالێ ئاگاداری کردبۆوە کە تەرازوودارەکەیان، حەبیب، گەڕاوەتەوە سەرکارەکەی؛ کەوابوو لەبەیانی ڕا ئیدی ناچار نەبوو بەیانی زوو لەماڵێ دەرپەڕێ. لەڕۆژانی ڕەمەزاندا بەهۆی زووڕابوون و شەونخوونی، سەید میرانیش وەک هەمووی ئەوانەی ژیانی پۆشتەوپەرداخیان هەبوو، لەسەر ئەو خوویە بوو کە پاش نوێژی بەیانی تا کاتژمێر هەشت و نۆ و جارجارەش تا نیوەڕۆیە لەماڵێ بحەسێتەوە. بەرماڵەکەی هەڵگرتەوە و لەبن کورسی لەجێگای خۆی دانیشت، بە ژنەی کوت:

- زووتر چێشتەکەی تێکە، دوای نانی شەوێ لەدەرێ کارم هەیە.

باوێشکی هاتێ و بە ماندوویی و بێوازی دەستی بەچاوانیداکێشاً. ئاسکە مەمکی لەزاری منداڵەکە دەرێنا و لەکاتێ هەستاندا، پرسی:

- چ کارێکە؟ ئایا دەبێ هەرئەوشۆ بکرێ؟ ئەوڕۆ ئێواری نەنەبێبی و ڕەعنای کچی لێرەبوون؛ هاتبوون بانگهێشتنمان کەن هەرچۆنێک بێ ئەوشۆ بۆ کاتژمێرێک بچینە ماڵیان. پیرێژن فەقیرە ئەوە سێهەمجارە داوامان لێدەکا. بەوزستانەی دووجاران لەڕێگای دوورەوە هەستاون بۆ دانیشتی شەوێ هاتوونە ماڵمان و ئێمە تەنانەت جارێکیش نەچووینەتەوە سەردانیان. ئەگەر دیسانیش نەچینەوە لەپێش زاواکەی بەخۆدا دەشکێتەوە؛ دەڵێ: ها، کەوایە مەشەدی چونکە زاواکەم کۆلانماڵی شارەدارییە بەپیاوی دانانێ، پێی کەسرە بێتەماڵمان.

باش نییە، ئەوانە چاوەڕوانییان لێمان هەیە؛ هەروەها چونکە بەڵێنیان لێ وەرگرتووم ئەوشۆ چاوەڕێن. لەوانەیە شەوچەلە و شیرنەمەنیشیان ئامادەکردبێ. ئەگەر دەڵەی ئێمەش نایەین؛ بۆخۆت سەرێکیان لێدە؛ سەحاتێک دانیشەو زوو هەستە. سەردان خێرە بەڵام سەردانەوە واجبە. ئەو دایک و کچە زۆریان هەق بەسەر من و منداڵەکانمەوە هەیە.

پیاوەکە کوتی:

- سەرەڕای هەمووی ئەوانەش دەبێ چاو لەوشۆ بپۆشی؛ یەکێکی بنێرە بڵێ سپەی شەوێ دێین. دەبێ بچمە ماڵە یاوەر سەرۆکی کاروباری فەرمانگەیی تیپ. حەوتوویەکە بەتەمام و هەلم بۆ هەڵناکەوێ. بێجگەلەوەش سەرێکیش دەبێ لەدووکانێ بدەم؛ وەجبەی دووهەمی بارەکە ئەوڕۆ نەهاتووە؛ سڵێمانم ناردۆتە ئاشی، نازانم گەڕاوەتەوە یان نا.

ئاسکە کە دیتی مێردەکەی کاری هەیە، لەوەزیاتر لەسەری نەڕۆیی. بێجگەلەوەش لەتەبیاتی ویی دەزانی کە هەرچی کوتبای هەرئەوە بوو؛ لەماڵێ و تەنانەت دەرێش، نەدەکرا قسە لەقسەی بکرێ. بێجگە لە هەمووی ئەوانەش، وەک هەست پێدەکرا سەید میران ئەوشەوە وەک شەوانی دیکە باش و بەخولق نەبوو؛ بەدڵەوە کایەی دەگەڵ مەهدی نەدەکرد کە خۆی دەباوەشی خزاندبوو

خۆی دەجەرگەی بنەماڵەدا نەدەدیت. ئاسکە پێیوابوو ڕەنگە کێشە لە شارەدار و هەڕەشەوگوڕەشەی ئەودواییانەی سەرچاوە وەرگرتبێ کە کوتبووی دەیەوێ نانی شاری هەرزان کاتەوە. ئەوەندەی ئەو ئاگای لێبوو سەیدمیران هێشتا لەوبوارەدا هەنگاوێکی ئەرێنیی هەڵنەهێناوەتەوە. نیگەرانییەکی بچووک لەدڵی ژنەکەدا پەیدابوو کە نەکا مێردەکەی لەهەوڵی خۆیدا بۆ ڕامکردنی شارەداری تازە هاتوو سەرنەکەوێ و لەبواری سەرۆکایەتیی پیشەییدا هۆکاری شکستی بۆ پێک بێ. تارماییەکانی ترس و هیوا لە کەشی بیر و کاردا، پەڵەهەورگەلێکن لەهەر ئاسمانێکدا هەن، لەمەڕ سەیدمیرانیش بابەتەکە ئاوا وەردەگرین. کەوابوو لەڕوانگەی ئاسکەوە، سەرەڕای هەموو نیگەرانی و هۆگرییەکانی سەبارەت بە کاری مێردەکەی، بابەتێکی وەها گرنگ نەبوو کە بەئاسوودەیی نەچێتە زگ کاری نان تێکردنەکەی؛ بێجگەلەوەش دەبێ لەپێشدا دەردی ورگی چارەکرێ، بۆ چارەی دەردەکانی دیکە هەمیشە دەرفەت دەمێنێ.

لەژیانی شەوورۆژی بنەماڵەدا، ئەودەمە، یەکێک بوو لە خۆشترین دەمەکان. تەنانەت پێش ئەودەمەش کە قالاوەکان دەستەدەستە بەسەر حەوشەدا دەفڕین و بەرەو ڕۆژئاوا دەچوون، هەوا مزگێنیی هاتنەوەماڵی مێرد و حەسانەوەی شەوانەی دەدا، دڵی ئاسکە تامەزرۆ بوو؛ بە شایی و خۆشییەکی شاراوەوە لە حەوشێ یا سەر پلیکانەکانی هەیوانێ چاوەڕوان بوو. بەردە ڕێکەکانی پلیکان گەرمای وەرگرتوو لە هەتاوی ڕۆژێی، وەک ئەڤینی دڵی وی بەشێوەیەکی دڵخواز دەدانەوە. هەورەکانی پەراوێزی ئاسمانی گوڵڕەنگ و گەمەی ڕەنگەکان دەستی پێدەکرد. تاریکی لەگەڵ ڕووناکی دەستەملان دەبوو و ئەو چەکچەکییەی هێلانەی لە بن بانی هەیوانێ دانابۆوە بەدەوری حەوشەدا دەستی بەگەڕان دەکرد. منداڵەکانی وی کە شادی و گەرمای ژیان لەژێر پێستیاندا دەجۆشدابوو، تێکەڵی هاوتەمەنانی خۆ گەمەی ئاڵنج و کوڵنجیان دەکرد؛ لەحەوشەی گەورەدا بەولاوئەولادا ڕایان دەکرد؛ یەکترییان ڕاودەنا و پەنایان دەبردە بەردایکیان کە یا بەتەنێ بوو یا دەگەڵ ژنێکی دراوسێ قسەی دەکرد؛ خۆیان لەپشت ئەودا دەشاردەوە و بۆ هەڵاتن لەبەر یەکتر دامێنی چارشێوەکەیان دەکێشا؛ دەیان زیقاند، هەڵدەبەزینەوە، جیکەیان دەهات و وەک شنەبای بەهاران هەمووشوێنێکیان پڕدەکرد لە شایی و خۆشییەکی بێخەوش. بەکۆخەی سەیدمیران کە ئاگادارکردنەوەبوو لە هاتنەوەی بۆ ماڵێ، ژنانی دراوسێ دەچوونەوە ژوورەکانی خۆیان؛ ئاسکە چارشێوەکەی بەسەرییەوە ڕێکێک دەکردەوە؛ بە ئەدەب و ڕێزێکی حیساب بۆکراوەوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامێک بێ، سڵاوی لێ دەکرد؛ دەسرەی پڕ لەمیوەی دەستیی وەردەگرت و بەدڵێکی گەرم و بیرێکی ئاسوودەوە بۆ ئامادەکردنی نانی شەوێ، کە شەوانی زستانێ هەمیشە چێشتی گەرم بوو، دەچووە ژووری چێشت لێنانێ. و هەمووی ئەو ڕەوتە ئاوازێکی شادی هێنەر بوو لە مۆسیقایەکی شاراوە کە ژیان بەگوێچکەی ژنی بەختەوەری ماڵەوەیدا دەناراند تا بەقووڵاییی ڕوحیدا بچێتەخوارێ و لە چێژی بێنیازی و کامەرانی سەرمەستی کا.

کامەرانی و بڕەوی کاری پیاو لە دەرەوە، ئەرکناسیی گەرموگوڕ، ڕێکوپێکیی و دڵبەندیی ژن لە نێوماڵێ، ناوەندێکی وای لە ئارامی و ئاسایش پێکهێنابوو کە پڕشنگی گەرم و ورشەداری بێجگە لە مرۆڤەکان خستبووە سەر کەلوپەلی ماڵێش.

لەسەر خواردنی نانی شەوێ، سەیدمیران لە کەلێنی دەرگای ژوورەکەڕا کە پشیلە بەنیوەکراوەیی بەجێی هێشتبوو، تارمایی یەکێک لە ژنانی دراوسیی دیت کە هاتبوو لە تاریکاییی پێش هەیوانێ ڕاوەستابوو؛ گۆیا دەیەویست بێتە دیوەکەیان بەڵام چونکە نانیان دەخوارد دوودڵ مابۆوە؛ و سەرنجام پێش ئەوەی پێ بنێتە سەرپلیکانەکان گەڕاوە. سەیدمیران پاروو دەزاردا لەگەڵ ئەوەیدا حەولی دەدا لەتاریکایی حەوشەدا ڕەنگی چارشێوی ژنەکە بناسێتەوە، کوتی:

- گۆیا نوقرەخاتوونی گوڵمحەممەدی بوو. بێگومان هاتووە پووڵ وەرگرێ. مەگەر مێردەکەی هێشتا نەهاتۆتەوە ماڵێ؟ ئەوڕۆ سێڕۆژە هیچی بۆ ئێمە دانەبێژتووە. بەڕاستی لەکوێیە؟ من نایبینم.

ئاسکە وەڵامی داوە:

- لەوڕۆژەی ڕا کردوویەتە ساو، دەگەڵ مێردی خوشکەکەی دووبەدوو چوونەتە تاقوەسان. بەتەمان ئەگەر ئەوساڵ بۆیان بلوێ بێستانی لێ بچێنن، لەوەی کە ئیزنی باغت پێنەدان، دڵیان لێت ئێشاوە؛ ئەوڕۆ ئێوارێ کە نەنەبیبی و کچەکەی لێرەبوون، خورشید دەرگای گلەیی‌یەکانی کرابۆوە؛ دەیکوت لەزمانی منەوە بەمەشەدی بڵێ، سەت گوڵەجۆ لەسایەی گوڵەگەنمێک ئاودەخواتەوە؛[*١] ڕاستە دوای مەشەد و کەربەلا نۆرەی حەجیش دێ، بەڵام لەودنیا یەکەم جار لە دراوسێ دەپرسن.

- لەودنیا یەکەم جار لە دراوسێ دەپرسن یانی چی؟ ئاخر ئەوانە بەدەستی بەتاڵ چۆن دەتوانن باغێکی گەورە بگرن و هەڵی سووڕێنن؟ ئیجارەکردنی باخ کەرستەی دەوێ، تەنیا ئەزموون مەرج نییە، دەبوو بڵێی مەشەدی بۆ بەئیجارەدانی باغ بەوان قسەیەکی نییە، ئایا دەتوانن خەرجی مەحزەرەکەی دابین کەن و بیدەن؟ مەگەر بە ئارەزوو و چاوەڕوانیی بێجێ تا ئێستا باری کەس بارکراوە تا ئەوانەش بینە دووهەمییان؟ ئەو ژنەش لەکاروباری دونیا تەنیا تانەلێدان و مەتەڵۆکان فێربووە.

*١ - کتێبەکە نووسیویەتی سەت گورگە لەسایەی گوڵەگەنمێک ئاو دەخواتەوە، من هاوسەنگە کوردییەکەیم نووسیوە.

- نا من هیچم پێنەکوت؛ چم پێداوە؛ کوتم ئەوساڵ مێردەکەم بەتەما نییە باغەکە بەئیجارە بداتەکەس.

- ئەزقەزا وایە؛ نەک ئەوساڵ بەڵکو لەوەی بەدواش هیچ ساڵێک باغەکەم بەئیجارە نادەم. مەگەر بۆخۆم شەش قامکەم نەتوانم هەڵی سوورێنم؛ یا سێوی سوور بۆ دەستی گۆجە؟ پارەکە تەنیا بایی دووسەت و چل تمەن سێو و قەیسییان لێ هێناوەتە شاری؛ گوێز و هەنجیرەکەشی کەسێک بە سەت تمەن بەئیجارەی گرتبوو کە پاش لێکردنەوەی ناڕازی بوو، دەیکوت هەر پەنجاتمەنی وەدەست کەوتووە. جارێ باسی هڵوو و هەرمێکەشی ناکەم کە لە تەواوی سەراو تاقن. بەوجۆرەش ئیجارەدارەکەمان هەر دەناڵێنێ کە زەرەرێ دەکا. پێیوایە گێلی وەگیرکەوتووە. خەبەرم دایە دووساڵەکەی تەواو بووە، ئەوساڵ نامەوێ بیدەمە کەس. بێجگە لە بابەتی سوود و زیانیشی، بەئیجارەدانی باغ بە ماوەیەکی کەمتر لە پێنج ساڵان بەتەواوی هەڵەیە. ئەو بێ ئینسافە لە دووساڵی ڕابردوودا تەنانەت قەڵەمەیەکیشی نەناشتووە تا لێی بەیادگار بمێنێ! و من ئەگەر شەش دانگەکەی ئی خۆم با هەرگیز وام نەدەکرد.

ئاسکە ئاوی دەزاری گەڕا:

- ئێ شەریکەکەت ڕازی کە و سێ دانگەکەی ویش تۆ بیکڕە، نایفرۆشێ؟

- دەشێ، بەڵام جارێ مڵکەکەی کێشەی لەسەرە. ئەو نوقرەی بانگ کە بزانم بۆچی هاتبوو. مێردەکەی هیچی لەسەرم نییە، یان نا؛ بۆ ئەوشۆش پووڵیان دەدەمێ. تەنیا پێی بڵێ ئەگەر گوڵمحەممەد کارێکی دیکەی دەبنسەریدایە دەبێ پێم بڵێ تابزانم تەکلیفم چییە.

سەید میران ئەوەی کوت و بادەستی چۆپەی کە ئازادبوولەگیرفانی ڕاستی سێ قڕانی دەرێنا؛ ئاسکە لێی وەرگرت و لە هەیوانێ ڕا ژنەکەی بانگ کرد کە چووبۆوە ژوری خۆیان. تا ئەو هات چۆوە ژوورێ و هێندێک نۆکی کوتراوی بەهێندێک گۆشتی کوڵاوی کوتراوەوە دەلەتەنانێکی وەرپێچا. دەنگی نوقرە خێرا لەدەرەوەی دیوەکە ڕاهات و بەفەقیری پرسیی:

- ئاسکەخاتوون، بانگی منت کرد؟

ئاسکە دووبارە چۆوە بەرهەیوانێ.

- ئا نوقرە گیان، ئەو پووڵە مێردەکەم وێیدام کە بتدەمێ. دەڵێ بۆچی چەندڕۆژە گوڵمحەممەد نایەتە کەندوو، تا چەند خولەکی دیکە ئەگەر هاتەوە تا مەشەدی نەچۆتەدەرێ بینێرە ژوورەکەی مە. هەر بۆخۆشم کارم پێیەتی. دەمەویست بینێرمە ماڵە نەنەبێبی، ئەو بابۆڵەش بدە دەستی جەلال.

ژنە لە وەرگرتنی بابۆڵەکە بەشەرمدا کەوت. بیانووی هێناوە کە منداڵەکانی نانی شەوێیان خواردووە و خەوتوون. بەڵام چ درۆیەکی دڵپاکانە کە هەر خێرا لێی ئاشکرابوو. هەر لەودەمەیدا کوڕە هەشت ساڵانەکەی ، جەلال، بەدوای ویدا لەئاسانەی دەرگای ئەو ژێرزەمینەی تێیدا دەژیان وەدیارکەوتبوو و بە لاساری و گرنەوە تای دەرگای لێکدەدان. نوقرە پرسیی:

- چکارێکت بە نەنەبێبی بووبێگومان ئەوشۆ ناتانەوێ بچنەوێ؟ کاروباری گولی (مەبەستی کوڵمحەممەدە – نووسەر) ئیحتوبارێکی نییە؛ هاکا ئەوشۆ نەهاتەوەماڵێ. ئەگەر دەڵەی بۆخۆم ئەرکی مێردەکەم جێبەجێ دەکەم.

ژنی جیرانەکە نان و گۆشتەکەی وەرگرت و ئاسکە بەسەرسووڕمانەوە چاوی لێکرد:

- بەو شەوە تاریکەی و ئەو ڕێگا دوورە نوقرە؟ ئایا ناتەوێ گولی لەگەڵ من تێکدەی، ئەگەر لەکۆڵانێی دیتی چی پێدەڵێی؟ ئەگەر گەڕەکەکەش بێجگە لە چۆغەسوور[1] بوو دیسان شتێک؛ دەکرا چرا فانۆسەکەی هەڵگری و لەگەڵ جەلالی بە لۆقاوێک بچن و خێرا بێنەوە.

- هەر ئێستا وادەکەم. وادیارە ئاسکە خاتوون منی زۆر بەکەمتر لەوەی هەم، گرتووە. لەبابەت گولیش ئاخەیان بە؛ بۆخۆشی لەماڵێ با کارەکەی هەر بەمن دەسپارد. نەدز دەمبا و نە گورگ دەمخوا؛[*1] هیچ باکێکم نە لە تاریکایی دەرێ و نە لەڕووناکایی ژووری نییە؛ <u>لەلایەکی دیکەشەوە خواردن رینەوەشی دەوێ[*2]. بەلۆقێک دەچم و بەلۆقێکیش لێرە دەبم. ئازیزم ئێستا پێم بڵێ ڕاسپاردەکەت چییە؟</u>

١- لەوسەردەمەدا چۆغەسوور یەکێک بوو لە گەڕەکە نزم و بەدناوەکانی شارەکە.
*١- نووسەر دەڵێ: ئەمن بێوەی بەیگلەرم و هەتیوی خۆسەر،
*٢- نووسەردەڵێ: هەرکەسێک دەستی درێژبێ چاوی کوێر، دەبێ لاقیشی درێژ بێ. من هاوسەنگە کوردییەکانیم نووسیون.

- دەڵێی مەشەدی سەری دێشا، ئەوشۆ چاوەڕوانمان مەبن؛ ئیشاڵڵا سپەی شەوێ، هەرئەوەندە.

نوقرە چارشێوی خاوەنماڵەکەی وەرگرت و چرکەیەک دواتر لەگەڵ کوڕە هەشت ساڵەکەی، جەلال، کە بەکەپۆی بەچڵمەوە قەپاڵی لە بابۆڵەکەی دەدا، فانۆس بەدەست لەحەوشێ وەدەرکەوت. ئاوا ئاسکە خاتوون ئارخەیان بوو کە ئەوبنەماڵەی لەچاوەڕوانیدا نەهێشتوتەوە.

نەنەبی‌بی پیرێژنێکی بەوەفا و بەئەمەگ بوو کە خۆی و ڕەعنای کچی تا دووساڵ پێش ئێستا هەر لەو ژێرزەمینەدا دەژیان کە نوقرەی تێدابوو و هەروەها چونکە نان هێنەرێکی پیاو بەسەرسەریانەوە نەبوو، لەکارەجۆراوجۆرکانی ماڵێ یاریدەی ئاسکەیان دەدا. لە ڕاگرتنی منداڵەکانەوە بگرە تا دانانەوەی ترشیات و گرتنی ئاوی قۆرە ڕا، قورسایی زۆربەی کارەکانی ماڵێ لەسەر ئەودایک و کچەی بوو، پیرێژن لە برینی هەرشتەشدا زۆرشارەزابوو و دەیانبردە ماڵان؛ بەڵام ئەوکارانە بەشی بژیوی ئەوانی نەدەکرد. پاش ئەوەی ڕەعنای دایە سەرۆکی کۆڵانماڵانی شارەداریی شارەکە لەوماڵەدا نەما. قوربانەعلیی زاوای، ناسراو بە سەرجۆخە قوربان، هاوڵاتیی خۆی و خەڵکی چووکاری مەلایر بوو؛ کارەکە وانەبوو کە داهاتی زیادیی هەبێ؛ بەڵام برانەی ساڵانەی بەرانبەر بە دووخەروار گەنمی لە مڵکەکەی شاملووی گەورەی مەلایر بەمیرات بۆ مابۆوە. پیاوێکی شەرمێون و خاکەڕا و شەریف بوو کە زاوایەکی لەوی باشتر وەگیر پیرێژنەکە نەدەکەوت. تەنیا زۆری دەکوت کە هەڵبەت لەماڵی لە تایبەتمەندییەکانی پیاوەتییە و ناکرێ بۆوی ببێتە خەوشێک.

- بەڵام ئەگەر سپەی شەوێش کارێکت هەبێ دەزانی دڵی پیرێژنێت لەمن ئێشاندووە؟ دەمەویست پێ بڵێم لەوشەوانەی جێژندا چەندرۆژێک بێت لێرە بمێنێتەوە. وەی ختە پشیلە، چەندە ڕوودارو بێتامێ نەکرا نانی شەوێ یا نیوەڕۆیەک بخۆین و تۆ لە جێگایەکی دی بی؛ حەوت ماڵ لەولاتر بێ ، هەرکە بۆنی چێشتی بۆهات لێرە ئامادەیە!

ژنە پشیلەکەی لە ژوورێ دەرکرد و دەرگای لەسەر داخست. سەید میران کوتی:

- ئێستا ئەگەر وەک زۆر پشیلان لە ژوورێ دادەسەکنا و میاوەمیاوی نەدەگرتەوە و پەیتاپەیتاش نەیدەویست بێتەژوورێ و بڕواتەوەدەرێ، کێشەیەک نەبوو؛ دێتە ژوورێ و پاش چوونەدەرێش دەڵێی بارەکای لەسەرشانە دەرکەکە بەئاوەڵەیی بەجێ دێڵێتەوە.

ئاسکە لەسەر سفرە دانیشتەوە؛ دەسرەی سەرسینگی مەهدیی ڕێکوپێک کردەوە کە لەسەرکورسی دانیشتبوو و نانی دەخوارد و بە ختە ختەی پشیلەکە فریوی دا و هێندێک لە نانە هەویرەکانی پێشیی دزی. کوتی:

- پێش نانی شەوێ شیرم دایەی تا نەبییە شەریکمان؛ دەترسێم بۆت خراپ بێ. بەڵێ پشیلەیەکی خراپە، بۆتە بەتفەڕ و زیانیخورۆ. دەبێ خەمێکی لێ بخورێ. ئەوڕۆ لەسەر ئاگر قابڵەمەی سەفیەی وەرگێراوە و هەموو گۆشتەکەی خواردووە. ئەوەش کارێکە تازە فێری بووە. نیوەڕۆیە بەناچاری بە نانێکی حازری گوزەراندیان.

بارام کوتی:

- دەبێ وەک سەگ دەرمانی بدرێتێ تا بتۆپێ.

باوکی قسەکەی بۆ تەسدیق کرد:

- ئەوپشیلەی حەوت سەننار زیانی گەیاندبێ، خوێنی حەڵاڵە. هەمزە یا سلێمانی دەنێرم دەتوورەکەی نێن و بیبەنە جێگایەکی هەڵیرێژن هەرگیز نەتوانێ بگەڕێتەوە. دووڕۆژی دیکە بەهاتنی بەهار کاتی زانی ئەوانەیە؛ دەمەوێ دەرگای هەمار بکەمەوە، دەترسێم بچێ لەوێ بترەکێ و پیسی بکا.

دەست و زاری خۆی بەدەستماڵ پاک کرەوە شاردییەوە. بەدەنگێکی سەرکەوتووانە کە شوێنەوارێکی لە ئاڵۆزیی فکریی پێش نانخواردنی شەوێی تێدانەبوو، ڕایگەیاند:

- بنی کەندووی دووکان بەخۆشییەوە وەدەرکەوت. ئەوگەنمە سپییەی دوێنێ چووبووە ئاشی نانەکەی وەدەرکەوت؛ سپی و بۆنخۆش و خەڵک پەسندە؛ بەڵام بەپێز نییە. پێموایە خراپ نییە ئەو گەنمە میسرییەی بۆ خاوی لێدێ بەبەری داکەین؛ ئاوا عەیبی یەکتری دەشارنەوە.

- کامە گەنمی دەڵێی، ئەوەی ماڵێ کە لەماهیدەشت هێناویانە؟ لەوقەرارەی ئاشەوان سپەینێ دێتەماڵێ؛ ئەوساڵ زوو نۆرەی هەمار هات. لەو وەرزەی قوڕوچڵپاودا کارێکی دیکەشمان کەوتەبەر، هەمووڕۆژێ دەبێ حەوشەی بشۆینەوە.

- هەروەها دەبێ ئاگات لە دارەکانی نێو حەوشەبێ کەرنەیانخوا. قوڕێ دەدەوری دارەبییەکەش هەڵدەسووین. ڕاستی چاک بوو وەبیرم هاتەوە، مانگێکمان زیاتر نەماوە بۆ گێژنەی، دەبێ باخچەکەی هەڵگێڕینەوە و تۆوی گوڵی لێ بچێنین. سپەینێش وەبیرم بێنەوە کرێکاران بۆ تەکمیشی باغ بگرم.

ژنە سفرە و شتەکانی لەسەر کورسی هەڵگرتنەوە و دەجامێکدا هێندێکی ئاو هێنا تا مێردەکەی ددانە دەستکردەکانی تێدا بشوا و کوتی:

- ئەگەر بمانەوێ باغەکە بەدەست خۆمانەوەبێ و بەئیجارە نەیدەین بەکەس، ئەوسا کاری زەمین و خانووەکەی چی لێدێتەوە؟ تۆی تەنیاباڵ بەتەنێ چۆن دەتوانی وەو هەموو کارانەڕابگەی؟ ئەگەر عیسۆی خوارزات نەچووبووە قەسری شیرن، دیسان دەیتوانی بۆتۆ یاریدەدەرێک بێ.

پیاوە بە بێوازی و قەڵسییەکی دۆستانەوە قسەکانی بڕی:

- توخوا لێمگەڕێ! خوارزای من ئەگەر خوارزابوو بۆچی قسەی منی دەشکاند؟ ئەگەر لێهاتوویی هەبا و هەموو شتێکی وەک خەڵکی با، بۆچی خۆی ئاوارەی شاران دەکرد؟ ئەو حیسابەی لەیەک مانگەی سەفەری مەشەد دا بۆی هێنامەگۆڕێ، هیچ عەرەبێک بۆ عەجەمێکی نەهێناوەتەپێش. باوکی هەڵگرت بردییە نەوسوود تا پێکەوە لە سازکردنی ڕەیلی هێڵی شەمەندەفەر کار بکەن. گۆڕبەگۆڕی کرد پاش چوارساڵان لینگێک کەوش و لینگێک کەڵاشە گەڕاوە کرماشانێ. هێشتاش کە هێشتایە نایەوی، واتە هۆش و تێگەیشتنی نییە، پەند لەزەمانە وەربگرێ. ئەو هەر بۆ قاچاغجییەتییەکە باشە کە ساڵێ دوازدەمانگان لە حەولووەلادابێ؛ سەت کێووەدۆڵان، جەنگەڵ و چۆمان بپێوێ، دیسان بکەوێتە دەستی مەئمووران و جارێک سی دەسماڵ و دە سابوونی کاستووران لە خانەقین ڕا بێنێتە قەسرێ و بیانفرۆشێ؛ ئەوەش ڕێگایەکی بژیوە کە ئەو بۆخۆی دۆزیویەتەوە. بەداخم بۆ ئەو پووڵانەی سێ ساڵی ڕێک دامە میرزاحوسێنی مەکتەبدار تا سەوادی فێرکا. ئەوجار، مەگەر هەموو ئەوانەی باغی سەرێ و ئاشی خوارێیان هەیە، لەبەڕێوەبردنی کاروباری خۆدا لەخوارزایان کەلک وەردەگرن؟ خوارزا و برازا یانی پووڵ. مرۆڤ تەنیاباڵ و بێکەس بێ باشترە بە پێکراویی خۆی پشتئەستوور بێ نەوەک منەتی بێگانەی هەڵگرێ. بەڵێنیت پێدەدەم خوایاربێ ئەوساڵ باغەکەشم هەڵدەسووڕێنم و بەداها تەکەشی زەمینەکەش سازدەکەم.

- ئیشاڵڵا گوێی شەیتانی کەڕبێ!

بارام و بێژەن بە ئیشتیا و خۆشییەکی دەروونی دەستیان کرد بە باسکردن لەبارەی خانووی داهاتوویان و چۆنیەتیی چاوەڕوان کراوی. مەهدی کە چووبووە سەر کورسی بەدابی گەمەی هەمووشەوێی خۆی لەناکاو هاویشتە باوەشی باوکی. سەیدمیران کە خەریکی قسان بوو تەنیا لەدوایین چرکەدا پێیزانی، گرتییەوە و بە خۆشی پێکەنی و قژەنەرمەکانی ماچکردن. نەخشەی باخ و زەمین و باوەشی گەرمی ژن و منداڵ، بێژی نەیژی ڕووداوەکانی ئەوڕۆژە و ژنە چارشێو سپییەکەیان لەبیری وی دەرکردبوو. ژیانی ڕاستەقینە بەهەموو کامەرانییەکانییەوە لەبەر دەست و لەپێش چاوی بوو. مەگەر فەلسەفەی ژیان بێجگە لەوە چییە کە مرۆڤ بۆ ژن و منداڵی تێبکۆشێ؟ لەنێو ئاشناوڕۆشنادا بەئابڕوومەندی ژیان بەرێتەسەر؛ کەم یا زۆر شتێک بخوا، شتێک بدا، و شتێکیش بۆ ڕۆژگاری پیری و داهاتووی خێزانی دانێ؟ ئەگەر مانا و ئاکامی ژیان ئەوەیە ئەو دەیزانی، زۆرباشە، وەک باوکێک چیی لە خەڵکی دی کەم بوو/ ئایا ئەرکی باوک بەپێی بیردۆزی ئەرەستوو و ئامۆژگارییەکانی ئیسلام ئەوە نییە سەردارەتیی خێزان بەدەستەوەبگرێ و ڕێبەرایەتیی ئەوکۆمەڵگایە بچووکە بکا لەڕێگای چاکە و بەرژەوەندی، ڕەوا و ڕاستیدا؟ کە تۆوی پەرستین لە دڵی منداڵانیدا بچێنێ و بە مێهرەبانییەکانی باوکانە و دادگەری و دادپەروەری ئاوی بدا؟ منداڵێک تامی خۆشەویستیی باوکی نەچێشتبێ ئاستەمە بتوانێ دە پەرستنی خوایی، بەوشێوەی دەبێ ببێ، بگا؟ پاسکالیش لەسەر ئەوباوەڕەبوو خۆشەویستی بنەڕەت و پێکهێنەری ئیمان و تەنیا ڕێگای گەیشتن بە زاتی باریتەعالایە. کۆرپە بیستوشەش مانگانەکەی ئێستا بەشانییەوە هەڵرووسکابوو تا تەقیلەکەی لەسەری بکاتەوە. سەرە ئێسکنەکەی لەسەر ملێ، کە وەک لاسکە هەرمێ باریک بوو، لەقەلەقی بو. سەید میران هەر بۆ گاڵتە لێیگەڕا تا بزانێ دەتوانێ بۆخۆی کڵاوەکەی هەڵگرێ. منداڵەکە هانکەهانکی دەهات؛ لەناکاو ماندووبوو. ڕاوەستا، وەک ئەوەی کە خۆڵیان بەچاویدا کردبێ، بەمست چاوو کەپۆی خۆی داماڵین و گەڕاوە لای دایکی. باوک پێکەنین گرتی. ئایا بەختەوەرییەکیش بێجگە لەوەی بۆوی دەگونجا؟ ئەو منداڵانە خەم و خۆشیی ئەوی بوون، مایەی ژیان و هومێدی بوون، ڕوخسارە بێگوناح و بەپێکەنینەکەی وان بوو کە غەوری ماندوویەتیی ڕۆژانەیان لە نێوچاوانی دەستڕییەوە. گریان و پێکەنینەکەیان، داوا و پرسینەوە منداڵانەکانی وان بوو کە گیانی دەبەخشییە ژیانی. ئایا هەر بۆ ئەومنداڵانە نەبوو هەموو ڕەنج و دژوارییەکانی بەیانی و شەوێی دەخستە سەرشانی؟ ئایا هەر ئەو مەهدییە مل لاسکەهەرمێ(نازناوێک بوو سەید میران بۆخۆی دابووی بەکوڕەکەی)یەی نەبوو کە درێژەی ژیانی خۆی بوو، دەیتوانی خۆشی نەوێ، لەبەر ئەوەی لاواز و بێتوانابوو؟ ڕاست بەپێچەوانەوە منداڵ بۆیە دەکەوێتە بەر بەزەیی و خۆشەویستیی دایک و باوک چونکە بێهێزە؛ خۆشەویستی و لاواندنەوە بۆ وی وەک هەر ئەو تیشکە گیانبەخشەیە کە گەشە و تەڕوبەڕی و سەوزایی دەبەخشێتە ڕووەکان. پیاوە ئەمەگناسەکە کاتێک بۆ دیتنی یاوەر لەجێی خۆی هەستا و ئاسکە تا دەرگای دەرێ بەڕێی کرد، لەو بیرە بێبەری نەبوو کە بێجگە لە منداڵەکانی تەنانەت ژنەکەشی خۆش دەوێ. پاش چاردەساڵان کە لە زەماوەندی دەگەڵ ئەو ژنە چاوڕەشە بەکارە، تێدەپەڕی، ژیانی هاوبەشیان وەک ئاوی فێنکی کانیاوان هەروا شیاوی خواردنەوە و گەوارا بوو. بیرەوەرییەکی ناخۆشی بەقەرا پەڕە پووشێک لە ڕابردوویاندا نەبوو کە بتوانێ

تارمایی بخاتە سەری. ئەوژنە کە دان بەخۆداگرتن و سازانی دەهەر شتێکدا و دەگەڵ هەمووکەسدا هاوشێوە و نموونەی نەبوو، ڕاستە لەڕابردوودا یەک دوجاران لەدین دەهرییی کردبوو، بەڵام بەباوەڕی هێندێکان، لە ڕادەی سەرسووڕمان تێپەڕیوە و دەبێتە هۆی وەڕەزی کە لەنێوان ژن و مێرددا تا ئەوڕادەی هاوئاهەنگی هەبێ. ئاسکە ژنێکی وا بەلێبوور، نەرمخوو و بێئازار بوو کە تائەوکاتە هەرگیز کەس دەنگی بەرزی لێ نەبیستبوو.

ئەوکاتەی بەهەڵکەوت ئەو ژنە بێکەس بەڵام بەختەوەرە هاتە سەرڕێگای، هیچکەس پێیوانەبوو ئەستێرەی بەختیان تا ئەوڕادەی پیرۆز بێ کە لەماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا بتوانن لە نزمترین پلەی ژیان ڕا خۆیان بۆ پلەیەکی ئاوا هەڵکێشن کە زۆران ئێرەییی بۆ دەخوازن. ئەوڕاستییە، بەهێزتر لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی، شتێکی وا نەبوو لەبیر سەید میرانی بچێتەوە. ئەوڕۆژانە ئەو لە باغ و ئاشەکانی دەوری شاری، واتە سەراو کاری دەکرد. تاوسانان دەبووە باغەوان و زستانان کرێکاری ئاش. سڵی لە میوەفرۆشتنی سەر ڕێگاکان و تەبەک کێشانیش نەدەکردەوە. بەڵام ڕاستیتان دەوێ، یا ئەوجۆرەی سەراوییەکان و برادەرانی بەناوی دایکییەوە، بە میران خاوەرە، بانگیان دەکرد، سەرەڕای ئەوانەش بۆخۆی نەیدەزانی لەدنیادا چکارەیە و لەبنەڕەتدا بۆچی دەژی. لەودەمەدا ئەو سیوپێنج ساڵان بوو. مووی سەری تازە دەستی کردبوو بە سپی بوون. لە بەرهەمی ژینی بێجگە لە مستێک ئەزموونی ئێشک و برینگ هیچی لەدەستدا نەبوو. تەمەنی سیوپێنساڵەی خۆی بێماڵوحاڵ و تەنیاباڵ و بەبێ هیچ هەستی بەرپرسایەتییەک تێپەڕاندبوو. لەلایەن یەکێک لە خانەکانی سەراووەوە کە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو سامانەی لەلایەن سالارەددەولەوە داگیرکرابوو، بەدوای لەشکری ویدا تا کوردستان چووبوو. ئاوارەی ڕەشت و ناوچەکانی باکوور ببوو، بەبێ ئەوەی مەشرووتەخواز یا یاخی بێ، ماوەیەک بە کیو و دەشتەکاندا بازرە ببوو و سەرەنجام بە برینێکەوە کە بە گوللە لە پێستیدا مابۆوە، ڕووت و دەست بەتاڵ گەڕابۆوە کرماشان. لەوەی پێی بکوترێ خزم و کەس، خوشکێکی بچووکی هەبوو کە مێردی کردبوو و خوشکەزایەک کە هەمان عیسۆ بوو، کە لەکاتی هاتنی ئاسکەدا دەساڵان بوو. کە دەستی کچەکەیان دەدەستی نا ئیدی نەیویست لە سەراو بمێنێتەوە؛ تەمای شاری کرد تا بەختی خۆی، کە ئێستا ببووە پاشکۆی چارەنووسی باش یا خراپی ژیانی کەسێکی دیکەش، لەشوێنێکی فرەوانتردا تاقی کاتەوە. ئاسکە سەرەڕای ئەوەی لەکاتی مارەبڕاندا تەمەنی شازدە واتە نیوەی هی مێردەکەی بوو، لە هۆش و ئەزموونی ژنێکی دەنێوەوەچوو بەهرەمەند بوو؛ ئارەقچنیاگ و بەتەڵوپا بوو؛ نان و پەنیری ماڵە مێردی بۆوی خۆراکی ئاسمانی بوو. دەتکوت خوا بۆیەکتری داناون؛ ئەویش کیژێکی بێکەسوکار بوو لەژێر سەرپەرشتیی پوور و مێردی پووریدا، ڕۆژگاری، لەزەردەی هەتاوی بەیانی ڕا تا درەنگانی شەو، بە ڕەنج و کوێرەوەری تێدەپەڕی. مێردی پووری پیاوێکی کونزوانی کەسنەناس و بێئازار بوو کە لەماڵێ نانی دەکرد و بەماڵاندا دەیگێڕا و دەیفرۆشت و بەوهۆیەوە هاودەمی هەمیشەییی کیژە لاوەکە دووکەڵی کوێرکەری ئێزنگ و گەرمای خنکێنەری تەندوور یا کوچکاور بوو. ئەوانەی دەڵێن ژیان و ڕاهێنانی سەردەمی زارۆکی بنەڕەتی کەسایەتی و تایبەتمەندیی کەسانە، بێگومان ئەو نموونەیان لەبەرچاو بووە. ژنەکەی وی، وانەی کار و بین فرەییی هەر لەو کاتی ڕا وەرگرتبوو. یەکەم پرسیار کە لە شاری لەبەردەمیان قوتبۆووە ئەوەبوو کە چ بکەن و چ نەکەن؟ ئیدی بێگومان تازەزاوا لەو هەلومەرجەدا نەبوو بتوانێ بچی و لە ئاش یا باغی کاربکا. ئاسکە تەشتێکی بۆ هەویر و ساجێکی بۆ نان کردن لە پووری بەئامانەت وەرگرت و بەهەر کوێرەوەرییەک بوو دووکانێکیان لەسەر سووچی چوارگوزەر کردەوە. ئەگەر ئەزموونی ڕابردووی ئاسکە نەهێنینە ئەژمار، بێگومان ئەوان لەهیچەوە دەستیان پێکردبوو. ئێستاش کە ئێستابوو ئاسکە دەسماڵی سەر و کورتەکی کوردیی ئەوکاتی خۆی، کە جلکی بووکێنی و لەهەمان کاتیشدا ئی کارێشی بوو، بەیادگاری لەیەخدانەکەیدا ڕاگرتبوو. ئاخر چۆن کەسێک دەتوانێ ژنێکی ئاوا هێژا و فیداکار لەبیر کا؟ لەهەموو ماوەی پێش نانی شەوێ و کاتی نوێژدا ئەو بیرە بوو لەمێشکی سەیدمیراندا خۆلی دەخواردەوە. ڕۆژان ئەوکاتەی بەدوای ئارد یا ئێزنگی هەرزاندا کەری دەبردە سەراو یا قاچاغەڕێیان، ئەو ژنە وەک پیاوان لەدووکانێ دەماوە، سووچێکی دەسماڵە کوردییەکەی بەسەر دمولووتیدا دەکێشا؛ باسکەکانی تا ئانیشکی هەڵدەکێشان، ناوی خوای دێنا و دەستی بەکار دەکرد. بۆخۆی هەویری دەشێلا، بۆخۆی ئەنگوتکی دەگرتن و بۆخۆی دەیبرژاندن و دەیفرۆشتن. ئەگەر لەبیر کردنی ئەوسەردەمە ئاستەم و پڕ کوێرەوەرییە، کە بیرەوەرییەکی شیرنی هەبوو، دەگونجا، لەبیرکردنی ژنی خۆشەویست و ئەمەگداریش هەروا. ئاسکە نانێکی وەک پەڕەی گوڵی دەکرد کە لەگەڵ لەواش لێت تێکدەچوو. دووساڵ و نیو ئاوا تێپەڕی. ئەو سەیدمیرانەی لە سەرەتادا لەسەر داوا و پێداگریی ژنەکەی خۆی دابووە کاری تازەی، ئێستا هان درابوو. ژن و مێرد بێ ئەوەی بزانن ماندوویەتی چییە بەڕۆژ کاریان دەکرد و شەوانە، بەزستان و تاوسان، هەر لەدووکانەکەدا دەخەوتن. کاتێک هاتەپێش کە ئیدی درێژەدان بەکار بۆ ژنەگەنجەکە ئاستەم و سەرەنجام نەگونجاو بوو. ڤیستای[1] نۆزدەساڵان کونجێکی ئاسوودە و بەدوور لە پەژارەی دەویست تا دانیشێ و چاوەڕێی میوانێکی بچووک بێ کە لەبەهەشتێ ڕا دەهات. ئاکامی دووساڵ و نیوی ئارەق ڕشتن و تێکۆشانی یەک بینی وان کە هیچی لە چلەکێشی کەمتر نەبوو، بێجگە لە دیزەوگۆزە و کەرستەی سەرەتایی کە هەر بۆ ئەو ژیانە سەرپێییە دابینیان کردبوو، سێسەت تمەن پوولی نەخد بوو کە پەنجاتمەنی دەدەستیاندا دەگەڕا و ئاسکە ئەوی‌دیکەی دەسووچێکی دووکاندا وەبنگڵی دابوو. ئەو پووڵە نەک هەر پووڵ بەڵکو شیرەی گیانی ئەودووانە و بەتایبەتیش ئاسکە بوو؛ سەرمایەیەکی گەورەبوو کە لەنێوان دوو ئەنگوستی پیرۆز ڕا دیمەنی هیوابەخشی داهاتووی نیشان دەدا؛ هەر ئەو داهاتویەی پێش ئەوکاتە بۆ سەید میران سەیر و بێواتای دەنواند. ئەگەر ئەو پووڵە نەبا ئەو ئێستا چ بوو؟ گوڵمحەممەدێک یا زیاتر، ئاقاجانی مێردی خوشکی، کە هەرتکیان لەو ماڵەدا کرێنشینی بوون و ئەرامەنەی نانی شەوی خۆ بوون.

ئەو و ئاسکەی ژنی زۆرجاران لەسەر ئەوبابەتە پێکەوە باس و گوفتوگۆیان دەکرد. هیچکامیان حاشایان لە دەوری چارەنووس نەدەکرد. ئاسکە پوولی وەهەویر دەچواند کە سەربەخۆ هەڵدەهات‌و زیادی دەکرد. سەیدمیران هەوێنێکی بۆئەوهەویرە بەپێویست دەزانی ئەویش بریتی بوو لە کار. لەباسەکانی نێوانیاندا هەمیشە نموونەی زیندوو ئەو دوو خێزانەی گوڵمحەممەد و ئاغاجان بوون کە ئەویش

١- ڤێستا خاتوونەخوای مەکۆی خێزان لە ئەفسانەکانی کۆنی یۆناندا.

دوازدەمانگەی ساڵێ وەک گای بنەی[*۱] بەدەوری خۆدا دەخولانەوە و هەمیشە هەر لەجێی خۆیان بوون.
ئاقاجانی مێردی خورشیدێ، پیاوێکی دەنێوەوەچووی سپیکارە و کەمدوێ بوو، کە ڕووداوەکانی ڕۆژگار بەپێچەوانەی ڕواڵەتی تەپلۆس و ئارامی، ئەویان زۆر بەدڕەفتار، نەسازاو و بەتایبەتیش بۆ خێزانی بێتام کردبوو. لەماڵی و بۆ ژن و منداڵەکانی ئاغامحەممەد خانێکی*۲ دووهەم بوو، بەبێ تانج و تەختەکەی. سەید میران وەک نەزان و دڵپیسێکی دەهاتە بەرچاو کە سەرەڕای نەدارییەکەی لووتی بەرزبوو. پێشکاریی دووکانی بۆخۆی پێ قاڕو ماڵینی بەفری سەربانی پێ کەسری شان بوو. وشک و نامێهرەبان بوو. هەمووڕۆژێ دەهۆڵی کارێکی دیکەی دەکوتا و پێش ئەوەی سەربگرێ دەستی لێهەڵدەگرت، چونکە سەیدمیران کوتەنی، باربردنەکەی کەم و تەماحەکەی زۆر بوو. بەڵام ئاقاجان بەدوای زنجیرەکاری شیاوی دۆخی خۆیدا دەگەڕا کە بەدبەختانە بەو خوو و خدە ناساغ و ڕەقەی هەیبوو، ئەگەر وەدەستیشی کەوتبا کەلکی پێ لێ وەرنەدەگیرا. حاڵ و گوزەرانی ژنبراکەشی لەوە باشتر نەبوو؛ بەو جیاوازییەی کە گوڵمحەممەد پیاوێکی ڕووتی شادمان بوو کە ژیان هەرچۆنێک لوابا وای دەگوزەراند. ڕۆژی چوار قڕان یا چوارتمەنی دەست کەوتبا، تاشەوێ هیچی بۆ نەدەمایەوە. بۆ کارە ناکردەوەییەکان کە بەڕواڵەت توانای دەویست، زیاتر لە مێردی خوشکەکەی خۆی دەدایە، سەهلە لەبنەڕەتدا وادیاربوو لەوەشی زیاتر لەتوانای خۆیدا نەدەدیت. کارە سەرەکییەکەی دابێژتن بوو، بەڵام هۆگرییەکی سەیری بۆ بێستانەوانی هەبوو. لەبەر ئەوەی جلکەکانی لەڕادەبەدەر ئەستوور و هەڵگەڕاوە بوون دەیکوت هەر دەڵەی خوداوەندی عالەم لەڕۆژی یەکەمەوە منی بۆ وەراندنی گوڵی هاروێ خەلق کردووە. لەزستاناندا تەنانەت لە ماڵینی سەربانانیش سڵی نەدەکرد. سڵاوەکانی لەکانگای دڵەوە بوون و سەیدمیران بەپێچەوانەی ئاقاجان، ئەوی ناخۆش نەدەویست.
بێجگە پیاوەکانی ئەو دووماڵە خزمانە، ژنان و تەنانەت منداڵەکانیشیان کاریان دەکرد. پوورە بەگم، دایکی خورشید و گوڵمحەممەد، پیرێژنێکی چاوپرووش و بێهێزبوو کە ڕیسی دەڕست. بەرۆژیش هەر کە بەیانی دادەهات چارشێوی لەخۆ گرێدەدا و ڕووبەندی دەبەست بەهەنگاوی شل و بەپارێزەوە ڕێگای بازاڕی دەگرتەبەر. لەوێ ڕیسەکانی دەدان و لۆکەی وەردەگرت و لەوپووڵەی ئاوا وەدەستی دەکەوت، چەند سیر[*۲] گۆشتی گای بۆ نانی شەوێی منداڵەکان دەکڕی. لای نیوەڕۆیە دەهاتەوە ماڵێ تا شەو درەنگان کە خەو و بێدەنگی هەموو وڵاتی دادەگرت، وەک کیژێکی گوڵڕوخسار کە لەپشت دەزگای پیانۆ دادەنیشێ، لەبەر خۆرەتاوی گۆشەی هەیوانێ یا سووچی هۆدەی ڕیسی دەڕست و ناڵەناڵی بێوچانی خەمهێنەر و جاڕسکەری دەگەیاندە گوێێ دراوسێکان. پیرێژن کە لەڕاستیدا کولانەی بنەجێ و هیوای دووبنەماڵەبو، دەودواییانەدا نەخۆش و پەک کەوتوو لە سووچی هۆدە یا لەسەر خشتەکانی بەری هەیوانێ درێژ دەبوو و بەدزییەوە دەیناڵاند. لەبەر ئەوەی هۆدەی کچەکەشی لەبەر داڵانی ماڵەکە هەڵکەوتبوو بێ پسانەوە گوێقوڵاغی دەرگای حەوشە بوو؛ تا لەدەرگای حەوشەیان دەدا نیگەران دەبوو کە لەو ماڵە پڕدەنگەدەنگ و قەرەباڵغەدا نەکا کەس ئاگای لێنەبێ و ئەگەر ئاگاشی لێبێ بەهیوای یەکێکی دیکە خۆی تێنەگەیەنێ و کەسەکە لەپشت دەرگا چاوەڕێ بمێنێتەوە. هەرکە دەنگی محەممەدحوسێن، نەوە پێنجساڵانەکەی، نەدەبیست، دەسبەجێ وایدەزانی چۆتە سەربیر یا حەوزێ و بۆخۆی بەبێ ئەوەی کەس پێ بزانێ تووشی مەرگی کوتوپڕ هاتووە؛ ئەگەر گوێشی لێبا وەیدەزانی بێگومان منداڵێکی دراوسێ خەریکە لێیدەدا. چونکە لە ئاهەنگی دەنگی ئەو بوونەوەرە بەدبەختەدا، چ لەشادی و خۆشی و چ لە بەدبەختی و خەفەتدا، گریان و پاڕانەوەیەکی هەمیشەیی نەخشابوو کە مرۆڤی ئازاردەدا.
سروشت لەبارەی ویدا بەتەواوی مێهرەبانیی نواندبوو، هەروەک سەلەیمان دەستی لاواندنەوەی بەسەری هودهودی دا هێنا و تۆڵەی چاکەی باڵندە خۆش خەبەرەکەی بەتانجی جوان و پەڕی ڕەنگاوڕەنگ دایەوە، ئەویش تانجێکی زێوینی لە بەدیهێنەری خۆی بەخەڵات وەرگرتبوو کە ببوو بەئەشکەنجەی بێبڕانەوەی؛ نامەتی کە ئەهات لە دەرگا و سەربان ڕا دەهات. بۆ تەواوکردنی بەدبەختیی دایک و باوکی ئەو زارۆیە، محەممەد حوسێن بەشێوەیەکی چارەنەگونجاو کەچەڵ بوو. هەرچۆنێک بێ، پوور بەگم بێجگە لە نەخۆشییەکەی کە پەک کەوتە و داماوی کردبوو، تووشی نەخۆشیی ترس و نیگەرانیی بێپسانەوەش ببوو. دراوسێکان ماوەیەک بوو لەدەنگی لۆکە ڕێسەکەی ئاسوودە ببوون. بەڵام نیگەرانی و هاتوهاوارە لەخۆڕایەکانی بۆ نەوەکەی و هەر شتێکی بێهۆی دیکە، هەمووی وەزاڵە هێنابوون. هەرچۆنێک بێ، هەرکە گێرانی ساج پەزیی سەر سووچی چوارگوزەر بەو دۆخەی هاتبووە پێش وەزەحمەت کەوت، سەید میران ژنە ئاوسەکەی نارده لای پووری لە سەراو و بۆخۆی بە دانی دووسەت تمەن لەوپوڵەی بووبە شەریکی سەنگەک پەزییەک. لەوکاتەدا ئەو بۆخۆی هێشتا وەک کرێکار لە دووکانەکەدا کاری دەکرد. لەگەڵ کرێکارانی دووکانێ دەستیا دەقاپێکدا بوو، بەڵام ناوی خاوەنکاریشی لەسەربوو. پێخۆرەکەی گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو، کامەرانی و هیوا ببووە چاشنیی نانەکەی. لەماوەیەکی زۆر کورتدا لە نێو چینێکی بێپێخەف ڕا کە زوڕنایان دەبەر پشتێند و بایان دەگووپاندابوو و دەگەڵ کۆمەڵگادا بێجگە لە هەمان کاری خۆیان هیچ پەیوەندییەکیان نەبوو، بازیدابووە نێو چینێکی خاوەنکار و خاوەن کەرستە. ڕەنج و تێکۆشان هێشتا لەپێشی بوو، بەڵام وەک بکوژێکی ڕاکردوو کە پێی لەودیوی سنووری خۆی دانابێ، هەستی بە ئاسوودەییەکی ڕێژەیی دەکرد. سەردەمی باخەوانیی خۆی دەهاتەوە یاد کە لەکاتی تووتەکاندندا چارشێوێکی گەورەیان پان دەکردەوە و هەرکەسە سووچێکی دەگرت، ئەویش دەچووە سەردارێ و لەنێوان سڵاواتە بەئاووتاوەکاندا خەریکی تەکاندنی دارە توو دەبوو بۆ سەر چارشێوەکە؛ دووکانی نانەواخانەکەی وی ئێستا جێ پێیەکی بۆخۆی

*۱- نووسەر دەڵێ وەک کەری دەزگای شیرەگیری کە هاوسەنگەکەی لەکوردیدا ئەوەیە من دامناوە.
*۲- ئاغا محەممەدخانی دامەزرێنەری حکوومەتی نگریسی قاجار، کە کەریمخانی زەند لەسەر ڕەفتارەکانی خەساندی.
*۳- سیر کێشێکە بەرانبەر ۷۵ گرام

تێدا دۆزیبۆوە بۆوی وەک ئەو چارشێوەی تووتەکاندن بوو. لە بارودۆخی تازەی خۆی، سەرەڕای هەموو دۆخە خۆڕانەگرەکەشییەوە، شوکرانەبژێربوو؛ چونکە دڵنیا بوو لەکەلافەهاڵۆزەکەی ژیاندا سەرەنجام سەرەداوەکەی دۆزیوەتەوە. سەرەڕای ئەوەش گوێقوڵاغی بارودۆخێکی باشتر بوو. لێرەولەوێ لەنێو هاوکارانی خۆیدا کە ئەوکاتی پەیوەندیی پیشەیی باشتریان هەبوو، گویی هەڵدەخست و هەرچۆن هەڵۆ لە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمانێ ڕا چووکترین جۆڵانەوە لەسەر زەوی ڕا دەبینی، بەچاوی کارتێکەر دە هەموو شتێک ڕادەما. بۆنی بە هەموو جێیەکەوە دەکرد، تا ئەگەر هەلێکی لەبارتر بێتەپێش لەدەستی نەدا. شەقامی گەورەی شار لەوکاتەدا لە چاکردندا بوو. دووکانی نانەواییی سەرشەقامەکە، هەر ئەوەی کە ئێستا هەیبوو، بناخەی دانرابوو. خاوەنەکەی پێویستیی بە پووڵ بوو. سەید میران زیرەکیی کرد و پێش ئەوەی دەرکەو پەنجەرەی تێخرێ، توانیی بە پووڵێکی کەم ئیجارەنامەکەی تەواوکا. کەرستە و سەرمایەی خۆی گوێستەوە دووکانی تازە و ئاوا مەنجەڵی هاوبەشی کە پێنج سال لەسەر ئاوری بوو و هەر نەکوڵیبوو لەسەر ئاوری ئەستێندراوە. چێژی سەرکەوتن بۆ سەید میران هەرگیز لەوکاتەی شیرنتر نەبوو؛ سەرەهەودای کار و ژیان دەدەستی ویدابوو بەبێ ئەوەی هاوبەش و ڕکەبەرێکی هەبێ. بەبێ ئەوەی لە ئاسۆگەی ڕوانینیدا تا ئەوجێیەی چاو هەتەری دەکرد کێشە و لەمپەرێک هەبێ. ئەو خوێندەوارییی نەبوو بەڵام هەڵناس و بەهۆش بوو. کلاوچی و هەڵخەڵەتێن نەبوو، بڕشت و ئیغدامی هەبوو. ژێروڕوو و بنج و بناوانی کاری خۆی زووتر لەوەی ناسی کە دەبوو بیناسێ. بەنەرمی و ئاسانییەکی دڵگر کە بەتاڵ بوو لە بەتفەڕی و دەروونپیسی کارەکانی دەخستنە بەردەستی خۆ. ڕەفتارە دڵپاکانە و بێڕیاییەکەی لەگەڵ ژێردەست و باڵادەست و هاوکارانی، بۆ هەرکامەیان بەپێی شیاویی حاڵی خۆی، وەهابوو کە هەمووی لەخۆی ڕازی ڕادەگرتن. ئەو تایبەتمەندییە کە بەشێک بوو لە خوو وخدەی وی، بەتایبەتی بۆکاتێک گرنگ بوو کە پێی بۆ فەرمانگەکانی میری دەکرایەوە. شەقامەکە تازەساز بوو و ڕۆژبەڕۆژ ئاوەدانتر و پڕئاپۆراتر دەبوو. ئەودووکانە بچووکەی لەسەرەتای کاردا کوشتبات زیاتر لە پەنجا مەن نانی نەدەکرد، هەر وەک پێشبینی دەکرا، وە ڕمێن کەوت، پەنجا مەن بوو بە خەروارێک و خەرواریش گەیشتە دوو وەجبەی شەش باری کە دوایین بارستی بوو. لەوکاتەدا سەید میرانی سەرابی، وەختاوەخت سەت تمەن دەخلی وەردەگرت کە بۆخۆشی نەیدەزانەی لەوەی چەندی مایە و چەندی قازانجە. ئەوە ڕوون و ئاشکرابوو، پاشەکەوتی پاش سێساڵان لەدوای گرتنی ئو دووکانەی ڕا گەیشتە ئەو ئاستەی بتوانێ بە هیممەتی جەددی ماڵێکی شەشدانگی بکڕێ و ژن و دوو زارۆی خۆشەویستی لە ئازاری کرێنشینی ڕزگار کا؛ پاشانیش سەفەرێک بۆ پێماچکردنی ئیمامی ڕەزا بچێتە مەشەدی پیرۆز و بەوشێوەیە زەنگی چوونە ناوی خۆی بۆ ڕیزی ساماندااران لێدا. هەر بەوڕێژەیەش لەڕوانگەی ئاسکەوە گرنگ بوو، و ئابڕوو و سەنگی ویی لەنێو خەڵکی زیاد دەکرد، زیارەتی مەشەد لەڕوانگەی سەیدمیرانەوە گرنگ بوو؛ لەکۆمەڵگادا سەنگ و بەقای پێ وەدەست دێنا؛ مۆرێک بوو لە بنی بەقانامەی کەسپ و کارەکەی دەدرا. دۆستان و ئاشنایانی کۆنی کە لەپلەی ویدا نەبوون ئێرەییان بۆ دەخواست. میران خاوەرە، بەپێی دۆخی دوێنێ مل و پشتی خۆی بۆ پارەیەکی زۆرکەم لەکاردەخست تا سەوەتەیەک قۆرە یا ترێ، کە فۆتەیەکی لەدەوری هاڵاندبوو، لە سەراو ڕا بەرێتە شاری، و ساڵ دوازدەمانگێ لایەکی زگی تێر و لایەکەی دیکەی برسی بوو، ببووە مەشەدی میرانەکەی ئەوڕۆ. زن و منداڵ و دامودەزگایەکی پێکەوەنابوو. ببووە بەدەنگوناوی شار و گوند. هاوکاران و دۆستان ماڵەکەیان پێدەزانی کە لەپشت کووچەی ماڵە عەلیخانی لوڕ بوو. سوور و میوانیی دەدان. سفرەی عەلیی ڕادەخستن. لەخەم و شادیی خەڵکدا هەمیشە بەشداربوو. بۆ داوەت و بووک مارەکردنان کارتی گێڕاوە یان بۆخۆی و ژنەکەی دەنارد. خانمی سەرابی کە لە سەردانی بووکدا بەدابی ناوچەکە ئەسکینناسی پشت سووری دە کەشەفێ داویشت، جێگای خۆی هەبوو، خەڵک یەکیەکی منداڵەکانی بەناو دەناسین. ئەو خەتەنە سوورانەی بۆ سوننەت کردنی بارام و بێژەنی گرت، لەبواری دابودەستوورەوە هیچی لە داوەتێکی ساماندارانە کەم نەبوو؛ لەناو میوانانی ئەوڕۆژەدا کەسانی بەناوبانگی وەک حاجی مەحمووود ئاغای تاجر و ئاژەرنووشی کەفیلی ێشووی شارەداری دەبینران کە هاتن چەند خولەکێک دانیشتن، شەربەت و میوەیەکیان خوارد و ڕۆیشتن. ئەوکەسانەی دامودەزگای بەشکۆی ئەوڕۆژەیان دیتبوو لەهەر شوێنێک دادەنیشتن دەستیان دەکرد بە پێهەڵاکوتن و پەسندانی؛ تەختی حەوشی گەورە و دیوارەکانی بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش فەڕش کوت کرابوون. دەستەیەک موتریبی ئابڕوومەند و بەدوو سەماکاری شۆخوشەنگەوە، میوانانیان سەرگەرم دەکرد کە گۆشاوگۆش کورسییەکانی دەوری حەوشەیان پڕکردبوون. میوە و شیرنی و گوڵ بەلاش بوو. لەقەراغی باخچە، تەختێکی ڕازاوە بە گوڵگەلی سروشتی و دەستکرد دەبیندرا کە لەسەری دۆشەگی ئەتڵەسی، نازباڵنج و پۆپەشمینەی هاوریشمینیان دانابوون. ئەوکاتەی میرزانەبیی نانکەر، بووچکەلانە شەشساڵان و سێساڵانەکەی کە لە جلکی گاباردینی جوان درواو و کراوات و پاپیۆنی خۆیاندا ڕازاوەتر لە بووکەڵەکانی پشتی ئاوێنە بوون، هێنایە پانتاییی حەوشە، ئاپۆڕای خەڵکەکە بە شادمانییەکی تێکەڵاو بە هەست و سۆز چەپڵەیان لێدا؛ مۆسیقا ئاهەنگی نەتەوەییی تەدارەک بێ مبارەکی دەست پێکرد و سەماکەران لەنێو هەراهەرا و پلەزیقانی میوانان و تەماشاچییانی دەوروبەر، کە دەوری سەربانیان پڕکردبوو، مەست و شەیدا بەدەوریاندا وەسەماکەوتن و تۆفانێکیان لە شایی و وروژانی گشتی بەرپاکرد کە تا دواکاتی سوننەتەکە درێژەی هەبوو. لەبەر ئەوەی منداڵەکان جووت بوون، بۆ پیرۆزی، کەڵەشێرێکیان لەنێوان هەردووکیاندا سەربڕی تا دووخوێن نەبنە سێ.

سەید میران، کە لەسووچی حەوشێ چاوی لە تەخت و دەستی دەلاک و بزەی لەسەرلێوبوو، دەدڵی خۆیدا هەستی بە سەرفیرازی دەکرد، بەڵام ڕەنگی بزڕکابوو. ئاسکە کە دایک بوو و دڵێکی کەم تواناتری هەبوو، بۆ ئەوەی سەری لێنەشێوێ پەنای بردبووە یەکێک

له هۆدەکان و لاقی دەتەشتێک ئاوێ سارد نابوو، نوقره و صەفیەخاتوون لەلای بوون. جێژنی خۆڕانان و بەشکۆ بەخۆشی تەواوبوو، بەڵام بیرەوەرییەکەی بۆ ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ لەوێبوون و دیتیان، بۆهەموو ماوەی تەمەنیان مایەوە. نانکەرەکان، کە لەبیر نەکرابوو لە کەم مایەترینیانیش بانگ کرێن، پاش یەک دەورە کەسادیی دەساڵە بۆ یەکەم جار بوو کۆمەڵێکی ئاواگەورەی پیشەییی بەرفرەوانی خۆیانیان وێکڕا لەجێگایەک دەدیت. هێندێک لەوان هەر یەکتریشیان نەدەناسی. یەکێک لە هاوکارانی سەیدمیران لەکاتی کۆتایی پێهاتنی کۆڕەکە، ئەودەمەی بۆ پیرۆزبایی و ماڵاوایی هاتە لای، سەری بردە بن گوێچکەی و بە دەنگێکی حەکیمانە، کە بەڕادەی شیاویش تەوساوی و سەرکۆنەکارانە بوو کوتی:

- کەوچکە ئاوێک و مەلە؟ هاوکاری خۆشەویستم زۆر خێرا دەڕۆی!

پتەپت و باسوخواسی دیکەش لەپاشملەی وەڕێ کەوتبوون؛ بەڵام سەید میران گوێچکەی پێ نەدەبزووتن. خوا دەیگەیاند و ئەویش سەری ئی خۆی نەبوو، دەی ڕشت و دەیپرژاند. بێگومان کارەکەی ئەوەندەی بەئێرەیی و خراپەوێژانیش پێیانوابوو، بێ حیساب نەبوو؛ دووڕۆژ دوای جێژنی خەتەنەسوران، لە کوڕی پیشەکەیاندا کە لەسەر داوای وی لەماڵەخۆی ڕێکخرابوو، بەتەواوی دەنگ وەک نوێنەری پیشەی نانەوا هەڵیان بژارد. ئەوڕۆژە هەر ئەو دەلاکەی منداڵەکانی سوننەت کردبوون و ڕۆژانە دووسێ جاران بۆ دەرمانکردنی برینەکانیان بە کیفەکەیەوە سەری لەماڵیان دەدا، جەواد و جەلال، کوڕەکانی نوقرەشی سوننەت کردن. دیسان ئەو شیرنییە کەمەی پێشوو کە مابۆوە، خورا. کەڵەشێرێکیش لەنێوان ئەواندا سەربڕا، تا خێرەکەی تەواوبێ. کۆمەڵەکە کە ئەوجار لە پێنج دەریی گەورەدا دانیشتبوون، پاش تەواوبوونی دەنگدان و ڕۆیشتنی هێندێک لە ڕیش چەرموگان، داوای تەپڵ و تووزەلەیان لە میوانداری خۆیان کرد. ئەویش تەپڵ و تووزەلەی وسێنخانی بە سەماکارە شۆخوشەنگەکانی ئەوێڕۆژێوە. پیاوە دەست بڵاوو نەترسەکە کە ئەوجار جوققەی سەرۆکایەتیشی لە کڵاوەکەی دابوو، ئەوە نەبوو ڕووی هاوڕێیانی لەحەرزیدا؛ خێراگوڵمحەممەدی کە حازر بەخزمەت بوو بەدوای دەستەی داواکراودا ناد؛ کە لە کۆتایی کاتدا بە یەکێک لە سەماکارانییەوە گەیشتێ و تا دوو کاتژمێر لە شەو ڕابوورد، لەژێر میچی هۆدەدا دەنگ و هەرایەکی سازکرد کە نموونەکەی هەرگیز نەدیترابوو. کۆبوونەوەی وان ڕەنگ و بۆنی سیاسیی نەبوو، هەمووئەوەیان دەزانی؛ پلەدارانی شارەداری، خەلە و نان و تەنانەت خودی حاکم دژایەتییەکیان لەگەڵ ئەو چەشنە تێکۆشانە پیشەییانە نەبوو، بگرە بۆ بەرەوپێش چوونی کاری خۆیان بەپێویستیشیان دەزانی؛ نەخۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی یەکە ئاستەم بوو. بەڵام بابەتەکە هەر بەوە کۆتاییی پێ نەدەهات؛ ئەگەر بەبۆنەی ئەو جێژن و سوورانە نەبوایە لەکوێ دەگونجا ئەو هەموو کەسە درێژ و کورتەباڵا، لاواز و قەڵەوە بچنە ماڵێک و بێنەوەدەر و شارەوانی پێنەزانێ؟ هەر ئەو شارەوانییەی ترسی دەخستە دڵەکان و تەنانەت شای وڵاتیش بەبێ ئیزنی وی ئاوی نەدەخواردەوە.

کار و ژیانی سەید میران لەوکاتەی ڕا کە بوو بە سەرۆکی پیشە، بڕەوێکی دیکەی پەیداکرد. بەرپرسایەتیی پیشەیی ڕاکەڕاکەیەکی دیکەی تووش کرد؛ پێی ویی بۆ شوێنگەلی وەک بەلەدییە، ئەرکانی شەڕ، میری و فەرمانگەی دەغڵ و نان کردەوە. بەرپرسیارەتییە نوێیەکەی وای دەخواست کە لەگەڵ کەسانی تازە، هەرچەندە لەگەڵیشیاندا هاوشانیش نەبێ، نیزیک بێتەوە. چونکە بۆ ئەو کەسانە، کەزۆرینەیان لەفەرمانگەنشینان بوون، ماوەبەماوە، لە باخەکانی سەراو، لەسەر چیمەنی ئاشەکان، تاقوەسان، و یا ئەگەر هەوا لەبار نەبوایە لەماڵێ میوانداریی سازدەکردن. ئاسکە کە ژنەکەی بوو لەو میوانداریی‌یانەدا تەنیا بەشدارییەکی پشت پەردەی هەبوو؛ مەگەر ئەوکاتەی بەهەڵکەوت میوانی ڕەنگی بنەماڵەیی بەخۆوەگرتبا؛ وەک ئەوڕۆژەی کە ئازەرنۆش، کەفیلی شارەداری، بۆخۆی خۆی بانگهێشتن کرد، ڕۆژێکی هەینی بە ژن و منداڵەکەیەوە لەبەیانی ڕا چووبانە باخەکەی.

ئاسکە زۆرتر بەپیری ئەو میوانداریی‌یانەوە دەچوو، کە نیشانەی بڕەو و ئیحتوباری مێردەکەی و مایەی سەربەرزیی خۆی بوون، هەرچەندە بارگرانایییەکەیان زۆر زیاتردەکرد. بۆخۆشی لەگەڵ هێندێک دەستەخوشک و دۆستانی، میوانداریی بەنۆرەیان هەبوون کە بەڕێوەبەرە سەرەکییەکەیان، شیرن جان خانمی دایکی ڕەزاخانی ئاشەوان بوو؛ پیرێژنێکی دڵ زیندووی خۆشگوزەران کە سەری مانگێ و بنی مانگێ بەبیانووی جۆراوجۆر ژنان و کچانی لەماڵەکەی لەنیزێک کۆنسوولخانەی ئینگلیس، لەدەوری خۆی کۆدەکردنەوە. پیاوان ڕێگایەکیان بۆ نێو میوانییەکانی ئەو نەبوو؛ کەوابوو بەشداران کە هەموویان لە چەشنێک بوون دەیانتوانی بەهەر شێوەیەک بیانویستبایە داخی دڵی خۆیان بە شایی بڕێژن. بێجگەلەوەش، ئاسکە بۆخۆی خۆشیی تریشی هەبوون؛ شەوانی هەینی لەماڵێ کۆڕی شینگێڕیی*[1] هەبوو کە هەرچەندیش جارجارە ئاشێخ عەلی عولەما، کە لەڕاستیدا واعیز بوو نەک شێنگێڕ، بەشداریی تێدادەکرد، ڕەنگی تایبەتیی هەبوو؛ زوو دەستی پێدەکرد و زۆۆ تەواو دەبوو؛ ژنەکانی دراوسێ کۆدەبوونەوە، چاوێکیان تەڕ دەکرد، چا و قەنداغێکیان دەخواردەوە و هەڵدەستان؛ جارجارەش دادەنیشتن و قسەیان دەکردن. بۆ هەموو ئەهلی ئەوماڵە ئەوە شێنێک بوو سەت شاییی دێنا.

هاتوچۆکانی سەیدمیرانی سەرابی لەگەڵ هاوکاران و هێندێک فەرمانگەنشین و هاتوچۆ و سەردان و سەردانەوەی ژنەکەی لەگەڵ خەڵکی و بابەتی چاولێکەری و ڕکەبەری وای دەخواست کە لەنێوماڵەکەیاندا تا ئەوجێگایەی سەلیقەی کاسبکارانەیان هەڵیدەگرت، ڕێکوپێک و ئابڕوومەند بێ. لەحەوشەی گەورەکەی وەک دەشتی، بە هەشت دیو و بیری ئاو و حەوز و باخچەوە، کە چوار هەیوانی هاودەق و دوو هەیوانی تەسکی بەرز و خۆشی پێش هۆدە دڵگرییەکەی زیاتر دەکرد، دوو دیو و ئەگەر وچخانەکانیش بێنینە ئەژمار پێنج دیو بەدەستەخۆیانەوەبوون. لەوانە یەکێکیان ژووری بەردەستان یا دانیشتن، ئەوی دیکە میوانخانەیان بوو کە هەرکامەیان لەهەیوانێکی جیاوازدا هەڵکەوتبووون. سێهەمییان ژوورێکی گچکە بوو لە تەنیشت میوانخانە کە هەمیشە دەرگای ئاوەڵە بوو و منداڵەکان کایەیان تێدادەکرد؛ لەڕۆژەکانی میوانی یا بانگهێشتنەکان و ئەنجومەنەکانی پیشەیی دا وەک ئاودارخانە کەلکی لێوەردەگیرا. بێجگە لەوانە، ژێرزەمینێکی گەورەشیان هەبوو کە هەماری گەنمیان بوو؛ لەجەنگەی پاییز دا کە گەنمی تازە دەهاتەبازاڕ و سروشتییانە هەرزانتر بوو، دەهەمار دەکرا تا لە وەرزی بەهار کە نرخەکان دەچوونەسەر و کڕینی ئازاد بەدڵەوەنەدەنووسا، مۆر و مێوی دەرگاکەی دەشکێندرا. سەید میران بەو بیرە تازەی، کە لە دەڵاندنەکانی مێشکی بەتوانای پووڵە و کەمتر لەدەستی هەرکەسێک دێ، توانیبووی لەچەندساڵی دواییدا بەتەواوی خۆی وەپێش بخات. ئەگەر بۆی بەسوود بوایە لەگەڵ خەلەفرۆشان یا تەنانەت کەسانی دیکەدا دەچووە نێو سەوداوە؛

*[1]- شێنگێڕی بۆ ئیمامانی شیعە و بنەماڵەکانیان کە بەدەستی نەیارانیان کوژرابوون کە بە (روضەخوانی) ناسراوە.